# گڵاسی هۆشمەند چاودێر بەسەر خواردنەوەدا

ئەو رێژە شیرەی لە گڵاسەکەت دایە چەند کالۆری لەخۆی گرتووە، ئەدی ئەو شەربەتی مێوژە چەندی کالۆری تێدایە؟ وەڵامی پرسیارەکان لەباری رێژەی خواردنەوەیەك کە دەیخۆیەوە بە گڵاسی دیجیتالی هۆشمەندی Vessyl بسپێرە.

گڵاسی ناوبراو دەتوانێت رێژەی کالۆری خواردنەوەکە، رێژەی شەکر لە شەربەتەکەدا و هەروەها رێژەی چەوری لە شیری و خواردنەوەی تردا لەو شاشەی کە لەسەریەتی نیشان بدات. جگە لەوەش ئەو زانیارییانە بە وردی بۆ مۆبایلەکەت بەرێ دەکات، ئامانج لەو داهێنانە، لێکدانەوەی وردی رێژەی کالۆرییە کە لە رۆژدا وەریدەگری. گڵاسی ناوبراو توانای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئاوی پێویست بۆ جەستەی بەکارهێنەرەکەیەتی، بۆ نموونە کاتێك کە نیازت هەیە قاوەیەك یان چایەك بەم گڵاسە بخۆیەوە رادەگەیەنێ کە جەستەت پێویستییەتی یان نییەتی. گڵاسەکە شەحن دەکرێتەوە و هەتا هەفتەیەك شەحن لەخۆیدا رادەگرێت.



# قەڵەمێک بۆ دروستکردنی ئەوەی مەبەستتە

سێ رەهەند یان 3D ماوەیەکە لەناو جیهانی قەڵەمیشدا جێی خۆی گرتووە، دەکرێت بەو پێنووسانەی کە سێ رەهەندین وێنەیەك بەتەواوی چێ بکەی، بەڵام نەك لەسەر کاغەز بەڵکو وێنەکە خۆی وەك وێنەیەکی بەرجەستە، بۆ نموونە ئەگەر وێنەی گوڵێك بکێشیەوە تەواو وەك گوڵێکی پلاستیکی بێت. هەرچەندە پێشووتریش پێنووسی لەم شێوەیەمان ناساندووە کە پێنووسی جۆری Nix بوو، بەڵام پێنووسی corepop تایبەتمەندییەکی جیای هەیە ئەویش ئەوەیە کە مادەکەی ناوی لەبری ئەوەی بە هێزی گەرمایی بێتە دەر، بە وزەی تیشکی سەرووی بنەوشی دێتە دەر و ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنەر بەتایبەت گەر منداڵ بێت پەنجەکانی بەهۆی مادە گەرمەکەوە زیانیان پێ بگات جگە لەوەش لەکاتی کارکردندا بۆنی ناخۆشی پلاستیك بڵاو نابێتەوە.



# ئەنگوستیلەی دیجیتالی بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان

ئامراز و کەرەسەکانی رابردوو بە بەرگێکی نوێوە و بە ئەرکێکی نوێوە دێنەوە مەیدان، کاتژمێر ئێستا ئەگەر چەند ئەرك ئەنجام نەدات بە حسێب نایەت، ئەنگوستیلە جاران کە هەر وەك ئیکسوارێکی جوانی لە پەنجە دەخرا بەرەو دیجیتالی هەنگاوی ناوە.

ئەنگوستیلەیەکی دیجیتالی کە شێوازەکەی وەك ئەنگوستیلە کلاسییەکان دەچێت و بە "رینگلای" ناسراوە و نەقیمەیەکی لەسەرە کە چەندین رەنگی هەیە ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە، کاتێك یەکێك پەیوەندی بە خاوەنەکەی دەکات یان کورتەپەیامێکی بۆ دێت ئەنگوستیلەکە لە پەنجەکەدا دەلەرێتەوە و نەقیمەکەی وەك گڵۆپێك هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە. بە ویستی خۆت دەتوانی رەنگی نەقیمەکە بگۆڕی بۆ نموونە وای پرۆگرام بۆ دابنێی بۆ هەر کەسێك رەنگێکی تایبەتی دیاری بکەی و بەهۆی رەنگەکەوە بزانی کێ پەیوەندی پێتەوە دەکات. "رینگلای" لە ریگای بلوتوسەوە بە مۆبایلە هۆشمەندەکانەوە پەیوەند دەدرێت.



# جۆكەرێك لە جیهانی دەنگدا

جۆكەر بوون بەو ئامێرە دیجیتالییانە دەگوترێت كە لەیەك كاتدا چەند ئەركێك ئەنجام بدات، واتە جگە لە ئەركی خۆی ئەركی دیكەش ئەنجام بدات. لەم ماوەیەدا لەلایەن كۆمپانیای ئەیسەرەوە سپێكەر واتە بڵندگۆییەك بەرهەمهات كە چەندین تایبەتمەندی تێدایە بۆیە پێیدەگوترێت جۆكەر. بڵندگۆی جۆری power speaker سەرچاوەیەكی وزەیە بۆ شەحنكردنەوەی مۆبایل و ئامێرەكانی دیكەی دیجیتالی، هەروەها لە سیستەمی NFC یش پشتیوانی دەكات. بۆ نموونە هەركاتێك مۆبایلەكەت لەسەر بڵندگۆكە دانا هەڵبەتە بەبێ هیچ وایەرێك هەم گۆرانییەكانی ناو مۆبایلەكە بڵاودەكاتەوە و هەم مۆبایلەكە شەحن دەكاتەوە. خودی سپیكەرەكە شەحنییە و دەكرێت هەتا 7 كاتژمێر بەبێ سوود وەرگرتن لە كارەبا كار بكات. پرۆگرامێكی تایبەتیشی لەلایەن كۆمپانیای بەرهەمهێنیەوە بۆ چێكراوە تاكو بە ئاسانی سوود لەم سپیكەرە وەربگرن.



# بەم وزە بەخشە دڵنیابە لە گەشتەكەت

گەشت دەكەی و دەچی بۆ چیا و ماوەیەك دەمێنیەوە، یان بۆ دارستانێكی دوور لە ئاوەدانی، هیچ وزە بەخش واتە شەحنكەرەوەیەك بۆ مۆبایل یان ئامێرەكانی دیكەت لەدەستدا نییە، لەكاتێكی وادا پاوەر بانك واتە وزەبەخشی سەفەری و پۆرتێبل كێشەكانت چارەسەر دەكات بەتایبەتی گەر پاوەربانكەكە وزەیەكی زۆری هەڵگرتبێت.

كۆمپانیای ئەیسەر لەم ماوەیەدا نوێترین پاوەر بانكی خۆی بەناوی B124 خستە بازاڕەوە. ئەم بانكی وزەیە خۆی باترییەكی لیتیۆمی لەسەرە كە توانای 11000 میلی ئامپێر كاتژمێری هەیە و بەپێی ئەو تاقیكاریانەی لەسەری ئەنجام دراون دەتوانێت بە یەكجار شەحن كردنەوە وزە هەتا 15 رۆژ بۆ مۆبایلێكی هۆشمەند دابین بكات. بۆ زانیاری و ئاگادار بوون لەوەی كە ڕێژەی وزە لەم پاوەر بانكەدا چەندە و چەندی تێداماوە شاشەیەكی جۆری LED لەسەرە كە هەم ئەركی نیشاندانی ڕێژەی وزەكە نیشان دەدات و هەم لەكاتی پێویستدا وەك چرا لایتێكیش دەكرێت سوودی لێ ببینی. جگەلەوەش دەكرێت لە یەك كاتدا دوو ئامێری پێ شەحن بكرێتەوە. پاوەر بانكی ناوبراو هەم كێشی كەمە و هەم سایزەكەی بچووكە دەكرێت لە گیرفان بخرێت.



# فلاش میمۆری سیلیكۆن پاوەر

كۆمپانیای سیلیكۆن پاوەر یەكێك لە گەورەترین كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی میمۆرییە بە گشت جۆرەكانییەوە. لەم ماوەیەدا دوو جۆرە فلاش میمۆری خستە بازاڕەوە كە بە جۆرەكانی touch T06 تایبەت بە پۆرتی USB 2 و هەروەها فلاش میمۆری جۆری jewel J06 تایبەت بە پۆرتی USB3 خستە بازاڕەوە كە هەردوو جۆرەكە سێ رەنگی سپی و رەساسی و شینیان هەیە.



خاڵە بەرچاوەكانی ئەم فلاش میمۆرییە ئەوەیە كە زۆر بچووكە كێشی زۆر كەمە جگە لەوەش ستایلەكەی سەرنج راكێشە و گرنگییەكەی لەوەدایە كە بە كەوتنە ناو ئاو و شڵەمەنییەوە تێك ناچێت، دژە بەركەوتنە و تۆز و خۆڵ زیانی پێناگەیەنێ. قەوارەی داكردنی داتاكان لەم فلاش میمۆرییانەدا 4 گیگا، 8 گیگا، 16 گیگا و 32 گیگا و 64 گیگان.

# ئاگادار بن تەلەڤزیۆنەکان سیخوڕی دەکەن

هەتا جیهانی تەکنەلۆژیا پێشـــبکەوێت، ئەمنییەت لە گشت بوارەکاندا کەمتر دەبێت هەرچەندە پێچەوانەکەشی دەگوترێت، بەڵام ئایا کامە بۆچوون راســـتە. با چەند نموونەیەك بهێنینەوە، ئەگەر پێشـــووتر نامەت بە پۆستەدا بۆ شوێنێك ناردبا تەنیا گومانت لە خودی پۆســـتە دەبوو، ئێســـتا کە ئیمێلەکەت دەکرێتەوە و پاسۆردەکەت ئاشکرا دەبێت گومان بۆ هەموو کەس دەکەی ناســـراو و نەناســـراو. پێشـــووتر بەرامبەرەکەت کە بە چاویلکەوە سەیری دەکردی دەتزانی چاویلکەکەی تەنیا بۆ پاراستنی چاویەتی، ئێستا دەکرێت چاویلکەکەی بۆ ســـیخوڕی و فیلم هەڵگرتنەوەش بـــەکار بێنێت! نوێترین نموونە تەلەڤزیۆنە کەس بیری نەدەکردەوە کە رۆژێك بێت سرت و خورتی ناو ماڵەوەت کێشەکانی ناو خێزانەکەت تەلەڤزیۆنی ماڵەوەت بۆ دەرەوەی بگوازێتەوە، بەڵام ئێستا زۆر دڵنیا نەبن. تەلەڤزیۆنە سمارتەکان کە جگە لە ئەرکی نیشاندانی کەناڵەکان کامێرا و هێڵی ئەنتەرنێتیشـــیان لەســـەرە دەتوانن بۆ سیخوڕی بەکار بهێنرێن. دەکرێت یەکێك لەو ســـەری دونیاوە کامێـــرای تەلەڤزیۆنی ماڵەوەت هاك بکات و گوێ لە سرت و خورتت بگرێت و ناو ماڵەکەت بە جوانی ببینێت. بۆیە دەڵێین تەکنەلۆژیا هەمووی هەر سوود گەیاندن نییە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی ئازیز دەپرســـێت هۆکاری ئەوەی کە لاپتۆپەکەم درەنگ شـــەحن دەبێتەوە چییە پێشـــووتر بەم شـــێوەیە نەبوو ئایا لاپتۆپ دەبێ هەمیشە لە شەحن دابێت؟

خوێنـــەری بەڕێز دیارە هەر لاپتۆپێك باترییەکەی توانایی و هێزی تایبـــەت بەخۆی هەیە، لاپتۆپ هەیە باترییەکەی درەنگ دادەبەزێت و واتە زیاتـــر لە پێنج کاتژمێری پێدەچێت، هەیە بەم شـــێوەیە نییە. بەڵام بەگشـــتی بۆ شـــەحنکردنەوەی لاپتۆپ دەبێـــت لانی کەم لە هەفتەیەکدا ئیزن بدەی باتری لاپتۆپەکەت بەتەواوی دابەزێت واتە هەتا ئەوکاتەی کە ئاماژە دەکات یان هێڵی ســـوور بەســـەر ئایکۆنی باتری دادێت. دواتر دوای شـــەحن بوونەوەی باتری واتە کە گەیشتە 100% لە کارەبا دەریبهێنی، بەڵام باشترین شێواز بۆ ئەوەی کە سوود لە باتری لاپتۆپ وەربگری ئەوەیە کە گەر دەزانی کارەبا ناڕوات یان لەکاتێکی دیاریکراودا دەڕوات، باتری لەلاپتۆپ دەربهێنی و تەنیا بە کارەبا کاری پێبکەی هەم بۆ لاپتۆپەکە و هەم بۆ باترییەکە ئەوە زۆر باشترە.

# پرۆگرام و ئەپلكەیشنەكان بۆ مۆندیالی ٢٠١٤

تەكنەلۆژیـــا بەتایبەتی تەكنەلۆژیای دیجیتالی هەموو ســـنوور و تخوبێكـــی بڕیوە، لە مۆندیالی ئەمساڵی 2014 بەرازیلدا تەكنەلۆژیای دیجیتالی چ لە یاریگا و لەكاتی یاریكردندا و چ ئەو پرۆگرام و ئەپلكەیشـــنانەی بۆ مۆبایل و كۆمپیوتەر بەرهەمهاتن خزمەتگوزارییەكی گەورەیان ئەنجامدا. لێرەدا جێگای ئاماژە پێدانە چەند ئەپلكەیشـــنێكی تایبەت بە فیفای 2014 بە خوێنەران بناسێنین كە تایبەتن بە مۆبایل.

1- FIFA official app: ئەمـــە ئەپلكەیشـــن یان پرۆگرامی فەرمی ئـــەم مۆندیالەیە كە بۆ مۆبایلی ئایفۆن و ئەندرۆید بەبێ بەرامبەر بەرهەم هاتووە. بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانرێت دوایین هەواڵ و خشتەی یارییەكان، ئاكامی یاری بە شێوەی زیندوو و سات بە سات رابگەیەنێ.

2- ESPN FC Sosser & world cup: ئەم ئەپلكەیشـــنەش چەندین تایبەتمەندی تێدایە وەك ئاگاداركردنەوەی بەكارهێنەر بۆ كاتی یاری، گۆڵەكان، دوایین خاڵەكان. توانای زێدەكردنی ئەو گرۆپەی حەزی لێدەكەی بۆ ئەوەی كە هەمیشە ئاگاداری دوایین وەزعی گروپەكەت بی. سوود وەرگرتن لە ESPN FC TV بۆ سەیركردنی دوایین كلیپی پەیامنێران و... نیشاندانی زانیاری گشتی، پێكهاتە، خشتەكان.. ڤیدیۆیی گرنگی تایبەت بە مۆندیال...

3- World soccer finals: ئەم پرۆگرامەش بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و IOS بێ بەرامبەر دەتوانی وەریبگری، ئێوە دەتوانن ئاكامی یارییەكان، پێكهاتە، كارتەكانی زەرد و سوور و ژمارە زانیاری ورد لەم ئەپلكەیشنەدا ببینی.

4- World cop2014 brazil: ئـــەو پرۆگرامە تایبەتە بە سیســـتەمی ئەندرۆید، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆگرامەكانی پێشوودا باسمان كردن لەو پرۆگرامەشدا هەن.

5- Livesoccer world football cup: ئـــەو پرۆگرامە تایبەتە بە مۆبایل بەڵام ئەم پرۆگرامە نەك تەنیا تایبەتە بە مۆندیال بگرە زانیاریی لە بوارەی 300 یانەی گرنگی جیهانی تێدایە، ئۆتۆماتیكی خۆی نوێ دەكاتەوە، ریپۆرتاژی پەیامنێران بە شێوەی زیندوو لەم پرۆگرامەدا نیشان دەدرێت.

6- Icup 2014 Brazil: ئەم پرۆگرامە پۆرتێبلە تایبەتە بە كۆمپیوتەر، بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانیت خشـــتەی یارییەكان، زانیاری لەبارەی گروپەكان، زانیاری ورد لەبارەی ئەوانەی گۆڵیان كردووە، رووداو و پێكهاتەكان بزانی.

توانای پێشـــبینی و گرافیكێكی بەهێزی یارییەكان، رۆژمێری یارییەكان بە توانای سێرچ كردن لەناو گروپەكاندا. گۆڕینی زمانـــی پرۆگرامەكـــە چونكە 30 زمانـــی زیندووی جیهانی تێدایـــە. توانای گۆڕینی رێكەوت و كاتژمێـــر بەو وڵاتەی كە بەكارهێنەر لێی نیشتەجێیە. توانای رادەربڕین لەسەر یارییەكان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی وەك (فەیسبووك، گوگل پلاس و تویتەر)..



## لایكەكانی خۆت و هاوڕێیانت لەم سایتەدا ببینە

لایك كردن (like) ئەم چەمكەیە كە كاتێك لەســـەر تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی وەك فەیســـبووك، تویتەر، یوتیۆب..تاد كلیكی لەسەر دابگری بەمانای پەسەند كردن و بە دروست زانینی ئەم بابەتە جـــا وێنە فیلم و بۆچوون و ...تاد بێت دێت. رۆژانە زۆرێك لەوانەی فەیســـبووكەكانیان دەكەنەوە یەكەم شـــتیان لایـــك كردنە. حەزدەكەی بزانی تا ئێســـتا چەندت لایـــك كردووە و بۆ چ مەبەســـتێك كردووتە و لە چ سایتێكدا كردووتە، یان حەزدەكەی بزانی چەند هاوڕێیت لایكی بابەتەكانی تۆیان كردووە، بۆ ئەم مەبەســـتە سەر لە ســـایتی Likeastore بـــدە و لەودا ئەكاونتێـــك بكەوە، ئیدی لەمەولا و پێشووتریش چەندت لایك كردووە لە ئەكاونتەكەی خۆت لەم ســـایتەدا نیشان دەدرێن. ئێستا دەتوانی لایكەكانت ریزبەندی بكـــەی و وەك كۆمەڵایەتی، وەرزشـــی، ئەدەب، سیاسەت...